پزیشکیان: حکومەت پێداگرە لەسەر چارەسەرکردنی کێشە ئابوورییەکان



مەسعود پزیشکیان، سەرۆک کۆماری ئێران ڕۆژی یەکشەممە ڕایگەیاند کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل دەیانەوێت لە ڕێگەی هاندانی "ئاژاوەگێڕانەوە"، "پشێوی و ناسەقامگیری" لە ئێران دروستبکەن و جەختیشی کردەوە کە "حکومەت پێداگرە لەسەر چارەسەرکردنی کێشە ئابوورییەکان".

مەسعود پزیشکیان لە لیدوانێکدا کە میدیا فەرمییەکانی ئێران بڵاویانکردەوە، ڕایگەیاند، ئەمریکا و ئیسرائیل فەرمان بە "ئاژاوەگێڕان" دەدەن بۆ تێکدانی سەقامگیری وڵات، هەروەها داوای لە ئێرانییەکان کرد کە خۆیان لە "ئاژاوەگێڕان و تیرۆریستان" دور بخەنەوە.

ئاماژەی بۆشکرد، "تیرۆریستانی سەر بە هێزە بیانییەکان خێڕای بۆتاوان دێکوژن، مزگەوتەکان دەسوتێنن و هەرش دەکەنە سەر موڵک و مایی گشتی". جەختیشی کردەوە کە "حکومەت پێداگرە لەسەر چارەسەرکردنی کێشە ئابوورییەکان"، و دوپاتیکردەوە کە "دەسکەوتە ئامادەیی گوێ لە گەل بگرێت".

لەلایەکی دیکەوە گدعۆن سعار، وەزیری دەرەوەی ئیسرائیل ئەمڕۆ یەکشەممە ڕایگەیاند، کە ئیسرائیل پشتگیری لە گەلی ئێران دەکات لەوەی کە بە "خەبات لەپێناو ئازادی" وەسفی کرد.

وەزیرەکەی ئیسرائیل لە ڤیدیۆیەکدا کە لە پلاتفۆرمی "X" بڵاویکردەوە، وتی، "پشتگیری لە خەباتی گەلی ئێران دەکەین بۆ ئازادی و هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازین".